# مەسیحییەکانی کۆیە و بارودۆخیان لە کاتی هێرشی حەرەس قەومی لە ساڵی 1963دا

**جەمال فەتحوڵڵا تەیب**
بەشی مێژوو، فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

***پوختە:***—مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە بە یەکێك لە پێکهاتە گرنگ و سەرەکییەکانی کۆیە دادەنرێن، بە درێژایی مێژوو و ئێستا پەیوەندی نێوان موسڵمان و مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە باش بووە و کەمترین کێشە و ناخۆشی لە نێوانیان ڕوویداوە، هەردوولا بە چاوی برایەتی و بەڕێزەوە سەیری یەکتریان کردووە، بە شێوەیەك دەمارگیری ئایینی کاریگەری لەسەر پەیوەندییەکانیان نەبووە و هەردەم بەشێکی دانەبڕاوەی خەڵکی کۆیە بوونە، بۆیە لە زۆربەی ڕووداو و پێشهاتە سیاسییەکاندا لە زەرەر و دەستکەوت هاوشێوەی موسڵمانەکان بوون.

لە دوای کودەتای 8ی شوباتی ساڵی 1963ی بەعسییەکان و هاتنە سەر دەسەڵات، هێزێکی میلیشیاییان بە ناوی حەرەس قەومی لە هەندێك خێڵی عەرەب دروست کرد.

حەرەس قەومی لە 10ی حوزەیرانی ساڵی 1963 هێرشیان کردە سەر کۆیە و دەوروبەری و زیانێکی زۆری گیانی و ماددییان بە شارەکە گەیاند، مەسیحییەکانی کۆیەش لەو هێرش و تاڵانکارییە بێبەش نەبوون، گوندی هەرمۆتەی تایبەت بە مەسیحییەکانیش بەر ئەو هێرش و پەلامارە کەوت و خەڵکەکەی ئاوارە بوون و ژمارەیەك کەسی مەسیحییش کوژران و ژمارەیەکی دیکەشیان زیندانی کرد، جگە لەوەی هەرچی ئاژەڵ و کەلوپەلی بە نرخ و گرانبەها بوو دەستیان بەسەرداگرت و تاڵانیان کرد.

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم بە ناونیشانی: کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، باسی دووەم تایبەتە بە: مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە کاتی هاتنی حەرەس قەومی لە ساڵی 1963دا.

**کلیلە وشە:** حەرەس قەومی، کۆیە، مەسیحییەکان، هێرش و تاڵانکاری، هەرمۆتە.

## پێشەکی

کاتێك حیزبی بەعس لە ڕێگەی کودەتایەك لە 8ی شوباتی 1963 دەسەڵاتی لە عێراق گرتە دەست، یەکەم هەنگاوی دامەزراندنی میلیشیای حەرەس قەومی بوو، لە بری گفتوگۆ و دانوستان دەستیان کرد بە هێرش و پەلامار و کاولکاری بۆ سەر ناوچە کوردنشینەکان، لەم نێوەدا شاری کۆیە دووچاری هێرش و تاڵانکاری حەرەس قەومییەکان بووەوە، کە تێیدا ژمارەیەك خەڵکی شارەکەیان لە موسڵمان و مەسیحی بەیەکەوە لە دینگەکانی ناو بازاڕ بەستەوە و فیشەك بارانیان کردن، ژمارەیەکی زۆریشیان دەستگیر کرد و ڕەوانەی زیندان کران، ئەمەش بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لە نێو دانیشتووانی شاری کۆیە بوو.

مەسیحییەکانی کۆیە کە بەشێکی جیانەکراوەی موسڵمانەکانن، ڕووبەڕووی پەلامار و تاڵانکاری حەرەس قەومییەکان بوونەوە، بە شێوەیەك گوندی هەرمۆتەی تایبەت بە مەسیحییەکان کەوتە بەر دەستدرێژی و وێران کردن، تێیدا مەڕوماڵاتی خەڵك و کەلوپەل و زێڕ و پارەیان بردن، لە هەمان کاتدا بەشێك لە خانووەکانی ئەو گوندەیان سووتاند، تەنانەت دوو کەسی مەسیحییشیان لە ناو بازاڕی شاری کۆیە فیشەك باران کرد.

تا ئێستا توێژینەوەیەکی زانستی لە سەر ئەم بابەتە نەنووسراوە و تەنیا هەندێ جار بە ڕووکەشی تیشك خراوەتە سەر ڕووداوەکە، بۆیە لە بەر گرنگی بابەتەکە بە پێویستمان زانی توێژینەوەیەك بە ناونیشانی: (مەسیحییەکانی کۆیە و بارودۆخیان لە کاتی هێرشی حەرەس قەومییەکان لە ساڵی 1963دا) بنووسین.

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە تیشك خستنە سەر بارودۆخی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەیە لە کاتی هێرش و پەلاماری حەرەس قەومییەکان لە ساڵی 1963دا، کە پشتی بە سەرچاوەی ڕەسەن و ئەکادیمی تایبەت بەو بوارە بەستووە.

ئەم توێژینەوەیە وەڵامی هەر یەك لە پرسیارەکانی: بارودۆخی مەسیحییەکانی کۆیە لە کاتی چوونی حەرەس قەومی بۆ شارەکە چۆن بووە؟ چیان کردووە و چیان بەسەرهاتووە؟ مەسیحییەکان لەو هێرشەدا تا چەند زەرەرمەند بوون؟ قوربانی چییان داوە و چیان کردووە؟

لەم توێژینەوەیەدا پشت بە ڕێبازی توێژینەوەی زانستی و مێژووی زارەکی بەستراوە، لەسەر بنچینەی خستنە ڕووی شیکردنەوە، هەڵسەنگاندن و هەڵهێنجانی زانستی سەرچاوەی گرتووە.

توێژینەوەکە لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم بە ناونیشانی: کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە، کە بە گشتی باس لە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە و پەیوەندییان لەگەڵ موسڵمانەکان خراوەتە ڕوو. هەرچی باسی

مجلة جامعة التنمية البشرية
المجلد 9، العدد 2(2023) ؛ عدد الصفحات (7)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v9n2y2023.pp37-43
ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 24 تشرين آلثاني 2022؛ قُبل في 8 كانون آلثاني 2023؛ نُشرت في 13 نيسان 2023؛
البريد الإلكتروني للمؤلف : jamal.fathulla@koyauniversity.org
حقوق الطبع والنشر ©2023 جەمال فەتحوڵڵا تەیب. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

دووەمی توێژینەوەکەیە لە ژێر ناونیشانی: مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە کاتی هاتنی حەرەس قەومی لە ساڵی 1963دا، جەختی لەسەر بارودۆخی مەسیحییەکان لەو کاتەدا کردووەتەوە، بە وردی تێیدا باس لەو ڕووداوانە کراوە کە بەسەر مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتەدا هاتووە. هەروەها لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراوەتە ڕوو.

چەندین سەرچاوەی جیاوازی وەك: کتێب و گۆڤار و توێژینەوەی زانستی و چاوپێکەوتن لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە. بۆ نموونە: کتێبی (مێژووی هەرمۆتە)، لە نووسینی دکتۆر هاوژین سلێوە، کە تا ڕادەیەکی زۆر لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە پشتی پێ بەستراوە. توێژینەوەی (مەسیحییەکانی کۆیە (1958- 1991))، لە نووسینی جەمال فەتحوڵڵا تەیب و قارەمان نادر شێخ بزێنی. توێژینەوەی (هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی 1963دا)، لە نووسینی دکتۆر جەمال فەتحوڵڵا تەیب، هەروەها بۆ پشتڕاستکردنەوە و وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە بارەی هێرشی حەرەس قەومی بۆ سەر مەسیحییەکانی کۆیە چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند کەسێکی بە تەمەنی مەسیحییەکان ئەنجام دراوە.

## باسی یەکەم
## کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە

شاری کۆیە لە دێر زەمانەوە چەندین پێکهاتەی ئایینی وەك جوولەکە و مەسیحی لەخۆ گرتووە، کە زۆر بە ئازادانە ژیاون و ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی خۆیان لە کەنیشتە (جولەکە) و کڵێسەی (مەسیحی) خۆیان ئەنجام داوە، تەنانەت گەڕەکی تایبەت بە خۆیان هەبووە، بۆ نموونە: جوولەکەکان لە گەڕەکی بەفری قەندی ژیاون، مەسیحییەکانیش لە گەڕەکی دیانانی شاری کۆیە و گوندی هەرمۆتەی نزیك کۆیە ژیاون (تەیب، ژ 1، 2012، 15).

هەرچی گوندی هەرمۆتەیە یەکێکە لە گوندە دێرینەکانی کوردستان، کەوتووەتە باشووری قەزای کۆیە و سەر بە پارێزگای هەولێرە، لە کۆندا نزیکەی 3 کیلۆمەتر لە کۆیەوە دوور بووە، بەڵام ئێستا بە هۆی فراوانبوونی شاری کۆیە، تەنیا چەمێك بە سنووری جیاکەرەوەیان دادەنرێت (صلیوە، 2013، 24).

لە ڕاستیدا لە بارەی بوونی مەسیحییەکان لە ناو شاری کۆیە و گوندی هەرمۆتە بۆچوونێکی یەکگرتوو نییە، لەم بارەیەوە یەکێك لە نووسەرە مەسیحییەکان بە ناوی (حەنا ئەنتوان) سەبارەت بە مێژووی مەسیحییەکان لە کۆیە دەڵێت: مەسیحییەکان زۆر لە مێژ نییە لە کۆیە نیشتەجێن، ڕەنگە لە دەوروبەری کۆتایی سەدەی هەژدەیەم و سەرەتای سەددەی نۆزدەیەم، واتە مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ 200 تا 250 ساڵ لەمەوبەر، تەنانەت هەندێکیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم هاتوونەتە کۆیە، زۆربەی ئەو مەسیحییانەی هاتوونەتە کۆیە لە ناوچەی ڕواندز و دیانە و خۆشناوەتییەوە هاتوون، بەتایبەتیش لە هیران و نازەنین و خۆران، کە زۆربەشیان لە سەردەمی میر محەممەد (پاشای کۆرە- پاشای گەورە) بۆ کۆیە کۆچیان کردووە. ئەنتوان بەڵگە بۆ بۆچوونەکەی خۆی دەهێنێتەوە و دەڵێت: مەسیحییەکان لە کۆیە گۆڕستانیان نەبووە، لە کۆنەوە تا ئێستا مردوو لە گۆڕستانی هەرمۆتە دەنێژن، خۆ ئەگەر زۆر لە مێژە لە کۆیە نیشتەجێن، دەبووایە ئەوانیش وەکو جوولەکەکانی کۆیە گۆڕستانێکیان هەبووایە (شارەزا و ئەوانی دیکە، 2009، 203- 209).

ئەوەی لە زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان جەختی لەسەر کراوەتەوە، ئەوەیە کە مەسیحییەکان بە درێژایی مێژوو لەگەڵ موسوڵمانەکان لە کۆیە ژیاون، بەشداری خۆشی و ناخۆشییەکانی ڕۆژگاری یەکتریان کردووە. بە گوێرەی زانیارییەکانی بەردەست مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە لە ساڵی 1913دا نزیکەی 100 کەس و 25 ماڵ بوون. هەروەها لە کۆنەوە لە ناو شاری کۆیە مەسیحییەکان گەڕەکێکیان بە ناوی گەڕەکی دیانان هەبووە، کە ژمارەیەك ماڵی مەسیحی تێدا ژیاوە، بەڵام هیچ ئامار و زانیاری لەم بارەیەوە بەردەست نییە. هەڵبەت لە ئاماری ساڵی 2013دا هاتووە کە 57 ماڵی مەسیحی لە کۆیە بە تێکڕای 266 کەس و 99 ماڵی مەسیحی بە تێکڕای 437 کەس لە هەرمۆتە دەژین، واتە کۆی گشتی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە ساڵی 2013دا 156 ماڵ و 703 کەس بوون. دیارە مەسیحییەکانی کۆیە لە دێر زەمانەوە لەگەڵ مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە پەیوەندییەکی پتەویان هەبووە و ژن و ژن خوازییەکی زۆر لە نێوانیان هەبووە، هەروەها بەشێك لە مەسیحییەکانی گوندی هەرمۆتە چوونەتە کۆیە، لە لایەکی دیکەوە هەمووان بەیەکەوە مردووەکانیشیان لە گۆڕستانی هەرمۆتە ناشتووە (صلیوە، 2013، 56- 58).

لە هەرمۆتە کڵێسای مەریەمەی پاکیزە هەیە، کە ساڵی ١٨٦٨ دروستکراوە، تێیدا ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی تێدا ئەنجام دەدرێت، ئەم کڵێسایە دوو جار لە ساڵانی ١٩٧٩ و ٢٠٠٩ نۆژەنکراوەتەوە و کەمێک دەستکاری دیزاینەکەیشی کراوە. هەروەها لە نێو شاری کۆیە، تەنیا کڵێسای حەزرەتی یووسف لە نزیک بازاری شاری کۆیە هەیە (صلیوە، 2013، 79- 80).

کاتێك مەسیحییەکان لە کۆیە گیرساونەتەوە، خانوویان لە پاڵ یەکدی دروست کردووە، ئەم دیاردەیەش لەبەر ئەوە بووە کە مەسیحییەکان لە کۆیە کەمینەی ئایینی بوون و مەبەستیان بووە لە کاتی هەر هێرشێك بەیەکەوە بەرگری و بەرەنگاری بەرانبەرەکەیان ببنەوە (تەیب و شێخ بزێنی، ژ 33، 2014، 92- 93).

یەکەم کەسی موسوڵمان لە ساڵی 1885 لە گوندی سمایل بەگی ناحیەی ڕێدارەوە چووەتە گوندی هەرمۆتە، کە ناوی حەسەن عەبدوڵڵا حەسەن بووە و بە حەسەن سوڵتان ناسراوە، لە عەشیرەتی شوان بووە، لە دوای ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی بیستەم چەند ماڵێکی دیکەی موسوڵمان چوونەتە گوندی هەرمۆتە، لە هەشتاکانیش چەند ماڵێکی دیکە چوونەتە گوندی هەرمۆتە، لە ساڵی 2013 بە تێکڕا 26 ماڵی موسوڵمان لە هەرمۆتە بوون (صلیوە، ژ 26، 2013، 28). دیارە مەسیحییەکانی هەرمۆتە لاریان نەبووە لە هاتنی خێزانی موسوڵمان بۆ گوندەکەیان، بەو مانایەی ئەوان بڕوایان بە گیانی پێکەوە ژیان هەبووە.

مەسیحییەکانی کۆیە وەك زۆربەی مەسیحییەکانی کوردستان بە زمانی سریانی لەگەڵ یەکتر قسە دەکەن، بەڵام لە دەرەوەی خێزان و خانەوادە بە زمانی کوردی دەدوێن، هەڵبەت زۆر لە زاراوە و وشەکانی زمانی خۆشیان کوردین، ئەگەر کوردێکی موسوڵمان لە ناویاندا ژیا بێت، بە چاکی لە قسەکانیان تێدەگەن. هەروەها گۆرانی و ئاهەنگگێڕان و شین و شاییان هەر بە زمانی کوردییە، تەنانەت لە جلوبەرگ لەگەڵ دانیشتووانی کۆیە جیاوازییان نییە (شارەزا و ئەوانی دیکە، 2009، 211- 212) و لە باوك و باپیرانەوە هەر جلی کوردی، بەتایبەتی کورتەك و شەڕواڵ و ڕانك و چۆغە و سەروجەمەدانییان پۆشیوە (کەریم، هورمز عیسا، چاوپێکەوتن، 2022/11/10، کۆیە).

مەسیحییەکانی کۆیە لە کۆنەوە خەریکی کشتوکاڵ کردن بوون، لە پێشوودا بەرهەمی توتنیان زۆر بووە، هەروەها زەیتوونیان چاندووە و بە پیرۆزیان زانیوە و چەندین باغی زەیتوونیان هەبووە (بطروس، ژ 1، 2012، 50). لە هەمان کاتدا

شارەزاییان لە چەندین پیشەی جیاواز هەبووە، چونکە کەسانی دەسترەنگین بوون لە دروست کردنی (خەرار، تورەگە، جاجم...)، بۆ وێنە: وەستا ئیلیا لە دروست کردنی جاجم و بەرماڵدا شارەزا بووە، هاوکات مەڕیین و شەعیەی کوڕیشی لەم بوارەدا جێ پەنجەیان دیار بووە. هەروەها چینی پیشەوەر لە نێو مەسیحییەکان کۆیەدا زیاتر خەریکی موو ڕێسی بوون بە (خەڕەك)، لە وەرزی هاویندا و لە ناو ڕەزەکانی کۆیە و حەوشی ماڵەکانیان و شوێنە سێبەرەکاندا سەرقاڵ بوون، ئەم پیشەیەش تا کۆتایی سەدەی بیستەم بەردەوام بوو، لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەك لە مەسیحییەکانی کۆیە کاری کڕین و فرۆشتنیان کردووە، بەتایبەتی بازرگانی خوری و مازی و کەتیرە، یووسف ئومەتی، مەسیحییەکی کۆیە بووە و بەردەوام موو و خوری لە خاوەن ئاژەڵەکانی کۆیە و دەوروبەری کڕیوە و کوتاڵیشی بە دانیشتووانی لادێنشینەکان فرۆشتووە، یاخود بە خوری موو دەیگۆڕییەوە، بەشێکی دیکەی مەسیحییەکانیش خەریکی دروست کردنی ڕانك و جۆغە بوون، جیاواز لەمانە مەی و ئارەق و زەیتی زەیتونیشیان دروست کردووە، تا ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی بیستەمیشدا مەسیحییەکانی کۆیە باشترین شەراب و مەییان بەرهەم هێناوە (ڕەسووڵ، ئیبراهیم ئەحمەد، چاوپێکەوتن، 2022/11/11، کۆیە).

باشترین نموونەی پێکەوەژیان و هەماهەنگی مەسیحی و موسڵمانەکانی کۆیە، شوێنێکە کە مەسیحییەکان پێی دەڵێن: (مەڕیێن قەدیشە)، موسڵمانەکانیش بە (شێخ محەممەدی دێری) ناوی دەبەن، واتە هەردوولا بە نزرگە و شوێنی پیرۆزی خۆیانی دەزانن و سەردانی دەکەن، بێ ئەوەی هیچ لایەکیان نیگەران بن و دیدی ئایینی بەرانبەرەکەیان ڕەتبکەنەوە، ئەمەش بەڵگەی پەیوەندییەکی پتەوی هەردوولا بەرجەستە دەکات (حەوێزی، 1982، 68).

مەلای گەورە کە یەکێك بووە لە مەلا دیارەکانی سەردەمی خۆی، ڕێزی زۆری لە مەسیحییەکان و جوولەکەکان گرتووە، بە شێوەیەك کاتێك دەچوونە مەجلیسی مەلای گەورە لە سەری مەجلیس دایدەنان، کاتێکیش کارەکەیان تەواو دەبوو و دەڕۆیشتن، هەتا بەر قاپی لەگەڵ میوانەکان دەڕۆیشت و بەڕێی دەکردن، تەنانەت زۆر لەگەڵ قەشە دادەنیشت و لە هەموو بۆنە و جێژنەکانیش سەردانی مەسیحییەکانی کردووە، لەم بارەیەوە گوتوویەتی: هیچ جیاوازییەك نییە، ئەوانە هەمووی دینی ئاسمانین، پێغەمبەری خۆیان هەیە و خودا دەناسن. (صلیوە، 2013، 177). دیارە ئەو سەردەمە مەلای گەورەی کۆیە ڕێزی لە مەسیحییەکان گرتووە، چونکە جودا لەوەی مەلای گەورە پیاوێکی ئایینی بووە، لە هەمان کاتدا مرۆڤێکی دووربین بووە و بڕوای بە پێکەوە ژیان هەبووە.

مەلای گەورەی کۆیە لە سەر جوولەکە و مەسیحییەکان بە دەنگ بووە و هاوکاریان بووە، بۆ نموونە: جارێک چەند کەسێکی تێنەگەیشتوو هەوڵیان داوە هەڵکوتنە سەر ماڵی کەسێك بە ناوی فەرەجە جوو و جوولەکەکانی دیکە، لەم کاتەدا مەلای گەورەی کۆیە ڕێگری کردووە. هەروەها جارێک مەسیحییەک سەردانی مەلای گەورە دەکات، مەلای گەورەش پیشوازییەکی گەرمی لێ دەکات و لە سەری مەجلیس دایدەنێت، کەسێکی موسڵمانیش پێی ناخۆش دەبێت، مەلای گەورەش تووڕە دەبێت و ڕوو لە موسڵمانەکە دەکات و پێی دەڵێت: هەر تۆ نەبووی دوێنێ کرنۆشت بۆ لاینی ئینگلیز دەبرد، تاکوو بیبین،ی ئەدی ئەویش مەسیحی نەبوو؟ ئەوجا کابرای موسڵمان دەردەکات. (ئەحمەد، 2021، 43). ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئاستی ئایینی لای مەلای گەورە زۆر بەرز بووە و بە کردەوە پەیامەکەی گەیاندووە و کێشەکانی چارەسەر کردووە.

لە لایەکی دیکەوە کاتێك مزگەوتی گەورەی کۆیە گومبەتی بۆ هاتووەتەوە، داوایان لە سێوەی هونەرمەند کردووە تا تەرتیلەیەکی دینی بڵێت، ئەویش تەرتیلەیەکی دینی ئەوەندە جوان و بە جۆشی لە ستایشی خوا و پێغەمبەران وتووە، کە خەڵکەکەی سەرسام کردووە، مەلا و خەڵکەکە دڵیان پێی خۆش بووە، ئەوەش نموونەی هەرە باڵای پێکەوە ژیانە، کە مزگەوتی گەورەی کۆیە، بە دەنگی سێوە کراوەتەوە (ئەحمەد، 2021، 43).

دەکرێت بڵێین هۆکاری باشی پەیوەندی نێوان ئەو دوو ئایینە جیاوازە لە کۆیە پەیوەستە بە چەند لایەنێکەوە، لەوانە: لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا کۆیە خاوەن پێگەیەکی زانستی گرنگ بووە، بە شێوەیەك 18 مزگەوتی هەبووە، کە هەر یەکێکیان قوتابخانەی ئایینی هەبووە و ژمارەی فەقێیەکانی لە 500 کەس زیاتر بووە، کە لەوێدا خوێندن بە زمانی تورکی و عەرەبی دەخوێندرا، هەندێك جاریش زمانی فارسیش بەکارهێنراوە. لە لایەکی دیکەوە، لە دوای جەنگی جیهانی یەکەم و لە ساڵی 1920 یەکەم قوتابخانەی فەرمی لە لایەن ئینگلیزەکانەوە کرایەوە، هەموو ئەمانە بوونە هەوێنی دروستبوونی چینێکی ڕۆشنبیر، ئەمانەش کاریگەری زۆر و زەمینەی لە باری ڕەخساند بۆ زیاتر کرانەوە و گفتوگۆی زانستییانە و گوێگرتن لە ڕای بەرانبەر و گیانی لێبوردەیی، لە ئەنجامدا بووە هۆکاری سەرەکی بۆ دروستبوونی پەیوەندییەکی باش و دروست لەگەڵ مەسیحییەکانی ئەو شارە، هەروەها بوونی ژمارەیەك قوتابخانەی ئایینی بووە هۆی دەرکەوتنی ژمارەیەك ڕوناکبیر و شاعیری بەناوبانگ، وەك: مەلای گەورە، حاجی قادری کۆیی، قاصد، ئەختەر، مەنفی، صافی، مەلا عاصی، نیهانی، حەزینە، حوسەینی، محمد تۆفیق وردی، دڵدار، دڵزار، مەسعوود محەممەد، کەریم شارەزا، هەناری، سامی عەودال و... هتد (ڕەسووڵ، 2003، 27). بوونی ئەو ژمارە زۆرە لە هونەرمەند و ڕوناکبیر و شاعیر تەکانێکی گەورەی بە بواری زانست و ئەدەب داوە، کە هەردەم بە گفتوگۆ و لێك تێگەیشتن چارەسەری کێشەکانیان کردووە و تێڕوانییان بۆ ژیان زۆر فراوان بووە، لە سایەی ئەم چینەدا مەسیحییەکانیش ژیانێکی ئاسودەیان بۆ فەراهەم بووە و بە ئاشتی ژیاون.

جێی خۆیەتی بوترێ کە مەسیحییەکانی کۆیەش خەڵکانی هێمن و لەسەرخۆ و ئارام بوون، تەنانەت کاتی خۆی وتراوە: "لە ماڵی جوولەکە نان بخۆ و لە ماڵی مەسیحان بخەوە، مەبەستیان ئەوە بوو کە مەسیحیی سەلامەتن." (ڕەسووڵ، ئیبراهیم ئەحمەد، چاوپێکەوتن، 2022/11/11، کۆیە).

هەڵبەت نکۆڵی لەوە ناکرێت کە هەندێ جار مەسیحییەکان تووشی مامەڵەی نەشیاو لە لایەن ژمارەیەك گەنجی هەرزەکار بوونەتەوە، ئەوەش لە چوارچێوەیەکی زۆر تەسکدا بووە، کە زیاتر دەمارگیری ئایینی هەندێ لە لاوانی شارەکە بووە، بەڵام کەسایەتییە ناودارەکانی کۆیە، وەك: مەلا محەممەدی جەلیزادە و ئاغاکانی حەوێزی و غەفووری هەردەم لە سەنگەری داکۆکی لە مەسیحییەکانی کۆیە بەردەوام بوون و هەرگیز ڕێگەیان بە ڕەفتارە نەشیاوەکان نەدەدا و بە زوویی چارەسەریان کردوە، بەتایبەتی حەمەئاغای گەورەی کۆیە، جەمیل ئاغای حەوێزی، کاکە زیادی غەفووری و حەوێز ئاغا، کە ڕۆڵی دیاریان لە پارێزگاری لە مەسیحییەکانی کۆیە هەبوو. مەلای گەورەی کۆیەش وەك کەسایەتییەکی ئایینی هەر دەم جەختی لە دادپەروەری کۆمەڵایەتی کردووەتەوە و هەموو هەڵسووکەوتە نەشیاوەکانی بەرانبەر بە مەسیحییەکان ڕەتکردووەتەوە و لە مانگی ڕەمەزاندا دانیشتووانی کۆیە بە جیاوازی چین و توێژەکانەوە لەوانە: مەسیحییەکان بۆ گوێ گرتن لە وتارەکانی دەچوونە مزگەوت، چونکە مەلای گەورەی کۆیە جگە لە وتاری ئایینی زۆر جار باسی بابەتی زانستی و

ئەدەبی و کۆمەڵایەتی دەکرد، تەنانەت هەندێ لە مامۆستایانی مەسیحیش ئامادەی ئەو دانیشتنانە دەبوون (تەیب و شێخ بزێنی، ژ 33، 2014، 92- 93).

## باسی دووەم
## مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە کاتی هاتنی حەرەس قەومی لە ساڵی 1963دا

### یەکەم: حەرەس قەومی

حەرەس قەومی، ڕێکخراوێکی سەربازی بوو، حیزبی بەعسی- عێراق دروستی کرد، عەلی ساڵح ئەلسەعدی سەرپەرشتی دەکرد، ئەوانە میلیشیا بوون و لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆیان بەکاریان دەهێنان (جواد، 1990، 9).

لە بەرەبەیانی ڕۆژی کودەتای 8ی شوباتی ساڵی 1963 بە گوێرەی بەیانی 3 و 4ی ئەنجومەنی سەرکردایەتی نیشتمانی شۆڕش پێکهات، کە ڕۆڵی زۆریان لە ڕاوەدوونان و گرتن و ئەشکەنجەدانی نیشتمانپەروەران و لایەنگرانی لایەنەکانی دیکەی وەك حیزبی شیوعی و پارتی دیموکراتی کوردستان هەبوو (مام خول، 2022، 14).

ئەو میلیشیا سەربازییە، بە فەرمانی کۆماری ژمارە ٣٥ لە ٢ی ئاداری ساڵی ١٩٦٣ ڕەوایەتی یاسایی و دەستووری پێدرا، کە لە بەشێکی ناوەڕۆکی فەرمانەکەدا هاتبوو: "بە گوێرەی یاسای دەستووری ئەنجومەنی نیشتمانی شۆڕش و لە سەر پێشنیازی سەرۆک وەزیران و ڕەزامەندی ئەنجوومەنی وەزیران و پشت ڕاستکردنەوەی لە لایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی و سەرکردایەتی شۆڕش پەسندکرا." (جواد، 1990، 11). دیارە ئەم یاسایە چەندین ماددەی لەخۆ گرتبوو، بۆ نموونە: لە ماددەی یەکەمدا هاتبوو: "دامەزراندنی ڕێکخراوێکی جەماوەری کە بە حەرەس قەومی ناسراوە و خاوەنی سەرکردایەتییەکی سەربەخۆیە و پەیوەستە بە سوپا سالارەوە." (جواد، 1990، 12).

کاتێك حەرەس قەومی دامەزرا، ژمارەیان کەم بوو، بەڵام لە ماوەیەکی کەمدا ئەندامانی حەرەس قەومی گەیشتە ٢١٠٠٠ کەس و لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٦٣دا ژمارەیان زۆر زیاتر بوو و گەیشتە ٣٤٠٠٠ کەس. بەمەش بووە هێزێکی گەورە و خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها، کە توانی هەموو کاروباری کارگێڕی و سەربازی عێراق کۆنترۆڵ بکات، بۆیە سیاسەتێکی توندوتیژانەیان لە بەرانبەر هاووڵاتییانی عێراقدا پەیڕەو کرد، لەم نێوەشدا بەردەوام خەریکی ئەشکەنجەدانی هاووڵاتییان و زیندانی کردن و کوشتن بوون، بە شێوەیەك هیچ ڕێزێکیان بۆ بەها کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان دانەدەنا (تەیب، ژ 38، 2015، 12- 14).

لە ڕاستیدا دامەزراندنی حەرەس قەومی زیاتر بۆ پارێزگاری کردن لە دەسەڵاتی خۆیان بەکاردهێنرا، بۆ لەناوبردنی نەیارەکانیان و دابین کردنی هەلومەرجی بەردەوامبوونی فەرمانڕەوایەتیان لە عێراق و جێبەجێ کردنی پرۆسەی بە عەرەب کردن، هەر بۆیە هەندێك کەسیان دەستنیشان کرد تا سەرکردایەتیان بکات، کە هەڵگری بیری نەتەوە پەرستی عەرەب بوون، لەوانە: منذر الونداوی ئەفسەری هێزی ئاسمانی بوو، گەورە بەعسییەکی توندڕەو بوو، حەرەس قەومی دەسەڵاتی ڕەهای پێدرابوو لە مامەڵە کردنی لەگەڵ هاووڵاتییاندا، مافی دەستگیرکردن و زیندانی کردن و کوشتنی هەموو کەسێکی هەبوو، کە هەڕەشە بووایە بۆ سەر دەسەڵات، بە تایبەتی مافی کوشتنی شیوعییەکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەبوو. بەمەش ژمارەیەکی زۆر لە شیوعییەکان دەسگیرکران و بە سەدانیان لەسەر شەقامەکان کوژران، جگە لەوەی ئازاری منالانیان دەدا و دەستدرێژییان دەکردە سەر ئافرەتان (تەیب، ژ 37، 2015، 10).

لە ڕۆژانی 9 و 10ی حوزەیرانی ساڵی 1963دا حەرەس قەومییەکان پەلاماری کوردستانیاندا و نزیکەی 267 کەس لە سلێمانی و 25 کەس لە کۆیە و دەوروبەری 73 کەس لە بیتوێن بە بێ هیچ تاوانێك دەستگیر کران، لە دوای ئازار و ئەشکەنجەدان، بە بێ دادگایی فیشەك باران کران (نەبەز، 2007، ل 150).

هێرش و پەلاماری حەرەس قەومی بە هاوکاری هێزی ئاسمانی عێراق بۆ سەر شاری کۆیە لە ١٠ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٣ دەستپێیکرد، پێش گەیشتنیان بۆ ناو شار، ژمارەیەک لە فڕۆکەکانی حکومەتی عێراق بڵاوکراوەیکیان بەسەر دانیشتوانەکەی بڵاوکردەوە، کە تێیدا هاتبوو: "هەموو هاووڵاتیان لێخۆشبوونی گشتیان بۆ دەرچووە و ئەم لێخۆشبوونەش لە لایەن سەرۆک وەزیران و سوپا سالاری عێراقەوە دەرچووە و بەسەر تەواوی هاووڵاتییان بە بێ جیاوازی جێبەجێ دەکرێت، هەر بۆیە پێویستە هاووڵاتیان گوێڕایەڵی فەرمانەکانی حکومەتی عێراق بن و کرداری گێرەشێوێنی ئەنجام نەدەن. بەڵام لە کاتی هاتنیان بەم شێوەیە نەبوو، بەڵکو بە تەواوی لە دژی دانیشتووانی خەڵکی کۆیە و هەرمۆتە وەستانەوە." (دزەیی، 2002، 37).

هێرش و پەلاماری زەمینی و ئاسمانی لە شاری هەولێرەوە بەرەو کۆیە دەستی پێ کرد و بە سەرکردایەتی تەها شەکرچی دەست بەسەر شارەکەدا گیرا. لەگەڵ گەیشتنیان بۆ ناو شارەکە، فەرمانی گرتن و کوشتنی ژمارەیەک لە دانیشتوانی شارەکەیاندا، بێ ئەوەی ڕووبەڕووی لێپێچینەوە ببنەوە، ئەم شاڵاوە سنووری شاری کۆیەی بەزاند و بەرەو گوندەکانی تۆبزاوا و هەرمۆتە و عەودالان و سماقووڵی گەلی و سکتان هەنگاویان نا و دەستیانکرد بە تالانکاری و سەپاندنی ئابلوقەی ئابووری بەسەر شاری کۆیە و دەوروبەری (ساڵح، 2008، 78- 79).

موقەدەم ڕوکن تەها شەکرچی سەرکردایەتی هێزی سەربازی و سوپای عێراق و حەرەس قەومییەکانی لە کۆیە دەکرد، هەر لە سەرەتاوە فەرمانبەرەکانی کۆیەی دەستگیر کرد، هەروەها خەڵکێکی زۆریشی لە کرێکار و کاسبکار و خەڵکی دیکەی دەستگیر کرد و ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆری دەستگیرکراوانیان دابوو، بە شێوەیەك ماڵەکانی نزیك سەرای کۆیە گوێیان لە ناڵە و هاواری ئەو کەسانە بووە کە لە زیندانەوە ئازار و ئەشکەنجە دراون (شێخانی، ژ 37، 2015، 27- 28).

حەرەس قەومی لە کۆیە و دەوروبەری چەندین تاوانیان بەرانبەر بە خەڵکی مەدەنی شارەکە ئەنجامدا، بۆ نموونە:

- لە ٢٠ی تەمووزی ساڵی ١٩٦٣ مامۆستا (کەمال ڕەشید ئاغا) فیشەك باران کرا، لە کاتێکدا سەرقاڵی وانە ووتنەوەبوو. هەروەها لە یەکێک لە چایخانەکانی هاوینە هەواری چناڕۆک ١٥ سەربازی هەڵاتوویان دەستگیرکرد و هەر لەوێدا بە فەرمانی تەها شەکرچی چایخانەکەیان بە سەردا ڕوخاندن و زیندە بەچاڵیان کردن.
- ژمارەیەک خەڵکی سڤیلیان لە 7ی تەمووزی ساڵی ١٩٦دا حەوت کەسیان لە ناو بازاڕی کۆیە فیشەك باران کرد.
- لە ڕۆژی 31ی تەمووزی هەمان ساڵ، پێنج کەسی دیکەیان لە دینگەکانی بازاڕی کۆیە بەستەوە و فیشەك باران کران، لە نێویاندا سێ ئەندامی یەک خێزانیان بەناوەکانی: (حەسەن شەریف ئیبراهیم، حوسێن شەریف ئیبراهیم،

عومەر شـەریف ئیبراهیم) کە خەڵکی گوندی مزگەفتۆرە بوون فیشـەك باران کران.

- ڕۆژی ١٢ی ئابی ساڵی ١٩٦٣دا هاووڵاتی (عەبدولڕەحمان چەلەبی) و کوڕێکی بە ناوی (جاسم) لە دۆڵی سماقوڵی فیشەك باران کران.

لە ڕاستیدا ئەم هاووڵاتییانە هەموویان خەڵکی سڤیل بوون و هیچ تاوانێکیان نەبوو (تەیب، ژ 38، 2015، 12- 14).

**دووەم: بارودۆخی مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە لە کاتی هاتنی حەرەس قەومییەکان لە ساڵی 1963دا:**

لە دوای دەسـتپێکردنی شـۆڕشی ئەیلوول، بەشـێك لە مەسـیحییەکانی کۆیە هاوکاری شـۆڕشی ئەیلوول بوون و یارمەتی پێشـمەرگەیان دەدا، تەنانەت ئەوەی توانای چەکداری و شـەڕی نەبووبێت، بە جۆرێکی دیکە هاوکار بووە، لەم بارەیەوە موحسین دزەیی کە لە سەروبەندی کوودەتای 8ی شوباتی ساڵی 1963 لە کۆیە بووە، دەڵێت: "لە ڕۆژی یەکەم و دوای بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ئەنجوومەنی نیشـتمانی سـەرکردایەتی شۆڕش، بەرپرسی بنکەی پۆلیسی- کۆیە بە بێ بەرگری کردن یەکسـەر تەسـلیم بوون، سـەرجەم چەك و کەلوپەل و ئامێرەکانی گەیاندنی تەسـلیم کرد و پۆلیسەکان کە ژمارەیان 30 کەسی کورد بوو، هاتنە ڕیزی پێشمەرگەوە، یەکێکیان لەو پۆلیسـانە بە ناوی تۆما، کە مەسـیحی بوو، وتبووی: چەکداریم پێناکرێت، بەڵام دەبمە چێشتلێنەرێکی باش بۆ پێشمەرگە." (دزەیی، 2009، 41- 42).

لە سـەرەتای حوزەیرانی سـاڵی 1963دا پێش ئەوەی سـوپای عێراق بگاتە کۆیە، هاووڵاتییان لە شـاخەکان و هەورازەکانی دەوروبەر لە ترسی بۆردوومان کردن خۆیان دەشـاردەوە، ماڵی دنحا عیسـا حەنا تونێلێکی (کونە تەیارە) بچووکیان لە نزیك کارێزی هەرمۆتە لێدابوو، بە مەبەسـتی خۆشـاردنەوە، بەڵام لە ڕێککەوتی 7ی حوزەیرانی ساڵی 1963 لە ناکاو کونە تەیارە بەسەریاندا دەڕووخێ، لە ئەنجامدا بووە هۆی مردنی 9 کەسی خێزانەکەی بە ناوەکانی: نەسرین عیسـا حەنای خوشـکی، وەردێ عیسـا شـابیلەی دایکی و حەوت منداڵی بە ناوەکانی: مەجید، بنیامین، جەمیل، بارزان، وارینە، ئەدیبە، زەکی (صـلیوە، 2013، 117- 118؛ دڵزار، 2019، 241؛ سـلیمان سوور، 2021، 64).

لە کاتی هـاتنی حەرەس قەومی هێزە تاڵانێکی زۆر کرا، کە گونـدی هەرمۆتەشی گرتەوە، بۆیە لە ترسی حەرەس قەومییەکان بەشـێك لە دانیشـتووانی گوندی هەرمۆتە چوونە کۆیە و بەشێکی دیکەشی چوونە گوندی شیواشۆك (صلیوە، 2013، 113). لەم بارەیەوە هورمز عیسا کەریم، یەکێك لە هاووڵاتییانی گوندی هەرمۆتە، دەربارەی هێرشی حەرەس قەومی لە سـاڵی 1963 بۆ سـەر هەرمۆتە دەڵێت: "کاتێك دەنگۆی هاتنی هێزێکی سـەربازی بڵاوبووەوە، کە دەسـت لە هیچ ناپارێزن و خەڵك ئەزێت دەدەن و دەکوژن، دایکم هەویری بۆ نان کردن شـێلا بوو، دەیویسـت نان بکات، یەکسەر دەستی گرتم و چووینە بن شاخی دەربەندۆکە." هەروەها هورمز ڕووداوێکی بیرەوەری منـداڵی دەگێڕێتەوە و دەڵێـت: "ئەو کاتەی حەرەس قەومییەکان هـاتنە گوندی هەرمۆتە، مامۆستا یەعقووب فەڕەنسی ژنی دەگواستەوە، ئیدی بووك و زاوا ڕووەو بن شـاخان هەڵاتن و مامۆسـتا یەعقووب لە بن شـاخ بە زاوا بوو." (کەریم، هورمز عیسـا، چاوپێکەوتن، 2022/11/10، کۆیە). ئەم ڕووداوە سـیاسـەتی شۆڤێنیستانەی حکومەتی ئەوسای عێراق بەدیار دەخات، تێیدا مرۆڤەکان لە سادەترین مافیان بێ بەش بوون، جگە لەوەی بەردەوام هەڕەشەی لەناوبردنیان لە ئارادا بوو.

هاوژین سـڵیوە، لە کتێبی مێژووی هەرمۆتەدا، بیرەوەری کاتی هاتنی حەرەس قەومییەکان بۆ هەرمۆتە لە زاری چەنـد کەسـێکی ئەو کاتە و لە دەمی یەعقووب موسـاوە دەڵێت: "لە دوای هاتنی حەرەس قەومی بۆ کۆیە، بەشـێك لە مەڕ و ماڵاتی هەرمۆتە برایە گوندی شەوگێر، بۆ ڕۆژی دواتر کە لە خەو هەستاین حەرەس قەومی هـاتنە هەرمۆتە و هەموو دەغڵ و دانیـان ئـاگر تێبەردا، لە بەردەگرووکە زەوییەکی گوندی هەرمۆتەیە، پێیان گوتم ڕاوەستە، لە دوای وەستانم 13 درهەم لە جزدانەکەمدا بوو، لێیان وەرگرتم ئەوجا گوتیان بڕۆ، کەمێك دواتر لە سەر شاخانەوە یەکێکی دیکە بانگی کردم، بەڵام ڕانەوەستام، بۆیە تەقەی لێم کرد، حەرەس قەومی بە ئاوایی هەرمۆتە بڵاوبووبوونەوە، لەوێدا کڵاشی کەسـێکی مەسـیحییان بە ناوی مام یەلدە وەرگرت و لەبەریان کرد، لە لایەکی دیکەوە 10 فلسـیان لە خارە فەڕەنسی- وەرگرت، هەروەها هەموو مێگەلی مراد و سـێوەیان برد، هەڵبەت زۆربەی مانگا و مەڕوماڵاتی خەڵکیان برد، ئەو کەسانەی هاتبوونە هەرمۆتە زۆربەیان لە حەویجەوە هاتبوون، حکومەت پێی گوتبوون ماڵ بۆ ئێوە و سەر بۆ من." (صلیوە، 2013، 113- 114).

هەر سـەبارەت بە پرۆسـەی تاڵانی حەرەس قەومی لە گوندی هەرمۆتە بەفرین عەزیز پەترۆس، یەکێك لە هاووڵاتییانی گوندی هەرمۆتە، دەڵێت: "کاتێك حەرەس قەومییەکان هاتنە ناو گوندی هەرمۆتە، گوتمان ئێمە مەسـیحیین، بەڵام هیچ گوێیان بە قسـەکانمان نەدا و دەسـتیان کرد بە لێدان، نەك هەر لە پیاوان، تەنانەت لە ژنانیشـیان دەدا، بۆ نموونە مامۆژنی منیان بەر شەقدا، ئەوجا دەستیان کرد بە بردنی کەلوپەلەکانی هەرمۆتە، هەر شتێك بە نرخ بووایە دەیانبرد، تەنانەت کاتژمێری دەستیشیان دەبرد، هەموو مەڕوماڵاتی گوندەکەیان پێش خۆیاندا، نزیکەی 500 بۆ 600 مەڕی ماڵی مام مووسـا حەنایان برد، مەڕوماڵاتەکەی بردیان هێندە زۆر بوو، کە خەڵك شـینی بۆ دەکرد و دەیانگوت:

تۆزێ مێگەلێ بوو بە گەواڵا
لە مەڕیان دەرکرد نێریە ڕەشتاڵا
شـینێ دەگێڕێ خـاتوو خەزاڵا" (پەترۆس، بەفرین عەزیز، چـاوپێکەوتن، 2022/11/12، کۆیە).

لە لایەکی دیکەوە حەرەس قەومی جگە لە مەڕ و ماڵات هەرچی ڕەشـە وڵاغ و ئاژەڵ هەبوو بردیان، هەروەها گوارەیان لە گوێی ژنان دەپچڕاند و گیرفانی خەڵکیان دەبڕی و پێڵاوەکانیان لێ دەسەندن، تەنانەت ڕەفتاری دیکەی زۆر سەیریان دەکرد، بۆ نموونە: لە نێو پاشـاوە (زبڵخانە) دەگەڕان بۆ ئەوەی بزانن چ شـتێکی بە نرخی تێدا هەیە، تا بیبەن (عیسا، جەمیل، چاوپێکەوتن، 2022/11/9، هەولێر).

هەروەها لەگەڵ چوونی حەرەس قەومییەکان بۆ گوندی هەرمۆتە و دەسـتپێکی تاڵانکاری، خەڵکی گوندەکە زەخیرەیان (گەنم، ساوار، بڕوش، نیسك و نۆ) بردبووە ناو حەوشـەی کەنیسـە، چونکە باوەڕیان وا بووە کە حەرەس قەومی هێرش ناکەنە سـەر کەنیسـە، بەڵام کاتێك دەچنە ناو کەنیسـە هەموو زەخیرەکان تێکەڵ دەکەن، بۆ ئەوەی نەتوانرێت سـوودی لێ وەربگیرێت (پەترۆس، بەفرین عەزیز، چاوپێکەوتن، 2022/11/12، کۆیە). هەروەها لە ناو کەنیسـە چەند ئینجیل و دەسـتنووسـێکیان بردبوو (سـلێمان، مەرقۆز عەزیز، چـاوپێکەوتن، 2022/11/19، کۆیە). هەڵبەت خەڵکی گونـدەکە نەیانتوانی بوو بەرگری بکەن، چونکە هـاووڵاتی سـڤیل بوون و چەکیان نەبوو، بەڵام سـەربازەکان چەکی بڕنەو و کڵاشـینکۆفی ئینگلیزی و پۆلۆنیان پێ بووبوو (پەترۆس، کەریم ئیدریس، چاوپێکەوتن، 2022/11/13، کۆیە).

دەکرێت بڵێین گوندی هەرمۆتە بە تەنیا ڕووبەڕووی تاڵان و سـووتاندن نەبووەوە، بەڵکوو ڕووداوێکی جیاوازی تراژیدی لەوێ ڕوویدا. ئافرەتێکی مەسـیحی نێو گوندی

هەرمۆتە، لە لایەن سەربازێکی حەرەس قەومی دەستدرێژی سێکسی دەکرێتە سەر، بەم هۆیەوە زۆر ترسا بوو و کاریگەری دەروونی زۆر بە زەبری لەسەر جێهێشت بوو، کاتێکیش خەڵك ئەم هەواڵەی زانی، لە داخ و مەراقان خۆی کوشت (مەحموود، حەسەن، چاوپێکەوتن، 2022/11/12، کۆیە). لێرەدا رەفتارە دزێو و بەدڕەوشتییەکانی حەرەس قەومی بەدیار دەکەوێت، کە ئەسڵەمینەوەیە لە ئەنجامدانی گەورەترین تاوان کە دەستدرێژی سێکسی بووە، بەتایبەتی بۆ ئەو سەردەمە کە رەفتارێکی نەشیاو و نامۆ بوو.

لە لایەکی دیکەوە لە دوای هاتنی حەرەس قەومی، فەرەنسیس عیسا بە ماڵ و منداڵەوە بە هۆی مەترسی لەسەر گوندی هەرمۆتە، لە 21ی حوزەیرانی ساڵی 1963 بەرەو گوندی شیواشۆك دەڕۆن، بەڵام لە کاتی هێرش کردنە سەر گوندەکان لە لایەن حەرەس قەومییەوە و لە نیوەڕۆی هەمان رۆژدا فەرەنسیس عیسا کوژرا، بە هۆی خراپی بارودۆخەوە دوای نۆ مانگ تەرمەکەیان گواستەوە گۆڕستانی گوندی هەرمۆتە (صلیوە، 2013، 116؛ دلزار، 2019، 241؛ سلیمان سوور، 2021، 64)، دیارە فەرەنسیس عیسا گوێی گران بووە و لەو کاتەی سەربازەکان بانگیان کردووە، گوێی لە رادیۆ گرتووە، لەبەر ئەوە گوێی لە دەنگی سەربازەکان نەبووە، بۆیە کوشتوویانە، ئەوجا رادیۆکەی دەستییان بردووە (کەریم، هورمز عیسا، چاوپێکەوتن، 2022/11/10، کۆیە).

گوندی هەرمۆتە لە ساڵی 1963 بە دواوە هەر دەم وەکوو بنکەیەکی سەرەکی جێی حەوانەوەی پێشمەرگە بووە، پێشمەرگەکان لە ناو رەز و باغەکانی هەرمۆتەدا خۆیان شاردوەتەوە و لە لایەن دانیشتووانی ئەو گوندەوە خۆراکیان بۆ دابین کراوە، شەوانەش روویان لە شاری کۆیە کردووە بۆ ئەنجامدانی چالاکی، هاوکات یووسف حەنا عەبدولکەریم، کە بەرگدروو بووە، لە رێگەی دوورینی جلوبەرگ بۆیان هاوکاری پێشمەرگەی کردووە، هەر لەبەر ئەم هەڵوێستانە، مەسیحییەکانی کۆیە دووچاری چەندین تاوانی رژێمی بەعس بوون، بۆ نموونە: حەنا یووسف تۆما، کە کارگوزاری قوتابخانەی سەرەتایی گوندی هەرمۆتە بووە، لە 1ی تەمووزی ساڵی 1963 لە لایەن رژێمی بەعس دەستگیر دەکرێت، بە تۆمەتی ئەوەی یارمەتی پێشمەرگەی داوە، هەروەها یووسف حەنا عەبدولکەریم، بە هۆی ئەوەی جلی بۆ پێشمەرگە دووری بوو، دەستگیر دەکرێت (صلیوە، 2013، 115- 119؛ عیسا، جەمیل، چاوپێکەوتن، 2022/11/9، هەولێر).

لە دواتردا و رۆژی 7ی تەمووز، بە فەرمانی تەها شەکرچی ئامر لیوای 14ی سوپای عێراق، 7 کەس بە ناوەکانی: حەمەد ئەمین ئەحمەد ئاغای غەفووری، محەمەد عەبدولوەهاب حەوێزی، سلێمان حەمەد قاوەچی، شەفیق حەمەد ئۆمەر، رەفیق ئەحمەد مستەفا، (یووسف حەنا عەبدولکەریم، حەنا یووسف تۆما)، کە هەردووکیان مەسیحی بوون، لە ستوونەکانی (دینگەکان) نێو بازاڕی شاری کۆیەیان قایم کرد و بە بەرچاوی خەڵکەوە و بە بێ دادگایی کردن فیشەك باران کران، هەروەها رێگەیان نەدا خەڵکی شارەکە لاشەکانیان بنێژن و ماوەی 48 کاتژمێر بە هەڵواسراوی مانەوە، ئەمەش بۆ ترس خستنە ناو دڵی خەڵکی ناوچەکە بوو (سالح، 2008، 80- 81؛ کاکە، 2013، 45؛ سلیمان سوور، 2021، 64). لەم بارەیەوە سلێوەی کوڕی حەنا یووسف، کە باوکی فیشەك باران کراوە، دەڵێت: "دوای ئەوەی هەواڵیان پێدایین کە باوکم فیشەك باران کراوە، بەرەو کۆیە رۆیشتین، دواتر تەرمی باوکیان لە لای فلکەی کۆمەڵەی سەوز فرێدا، ئێمەش لەوێوە بردمانە کەنیسەی کۆیە، لە پاشان لەوێوە بردمانە گۆڕستان و بە خاکمان سپارد." (یووسف، سلێوە حەنا، چاوپێکەوتن، 2022/11/19، کۆیە).

هورمز عیسا کەریم سەبارەت بە حەرەس قەومییەکان و کردەوەکانیان دەڵێت: "لەگەڵ بنەماڵەکەمان لەو کاتەدا گوندی هەرمۆتەمان بەرەو گوندی شیواشۆك جێهێشت، دواتر و لە کاتی رۆیشتنی حەرەس قەومی لە گوندەکە و گەڕانەوەمان بۆ هەرمۆتە، خانووەکەمان سووتێنرابوو و هەرچی کەلوپەلی ماڵمان هەبوو بە تاڵان بردبوویان." (کەریم، هورمز عیسا، چاوپێکەوتن، 2022/11/10، کۆیە). کەواتە حەرەس قەومی بەدەر لە تاڵان کردنی خەڵك بەشێك لە خانووەکانی گوندی هەرمۆتەشی سووتاندووە.

دیارە حەرەس قەومی بە بێ گوێدانە جیاوازی ئایینی و نەتەوەیی و تەمەن، بڕیاری کۆمەڵکوژی دانیشتوانی شاری کۆیەی دابوو و سەرپێیانە بڕیاری مەرگی بە سەر خەڵکی مەدەنی بێ تاوان دابوو، بە فیشەك باران کردنی ئەو دوو مەسیحییەش هەموو سنوورێکیان بەزاند ( تەیب، ژ 38، 2015، 10).

حەرەس قەومییەکان لە دوای تاڵانکردن و سووتاندنی گوندی هەرمۆتە رووە و گوندی یارەمیش رۆیشتوون، بەڵام پۆلێك پێشمەرگە رێگەیان لێ دەگرن و تەقەیان لێ دەکەن و دوو کەسیان دەکوژن و دوو کەسی دیکەش بریندار دەکەن، ئەگەر ئەو بەرگرییەی هێزی پێشمەرگە نەبوایە ئەوا گوندەکانی دەشتی کۆیەشیان تاڵان دەکرد (مەحموود، حەسەن، چاوپێکەوتن، 2022/11/12، کۆیە)، هێزی حەرەس قەومی بە مەبەستی سووتاندنی دەغڵ و دان و تاڵان کردنی مەڕ و ماڵات رووەو دەشتی کۆیە رۆیشتن، لەبەر ئەوە کوێخا مەمەندی کوێخا فەرەج، کە یەکێك لە کەسایەتییەکانی ئەو کاتەی کۆیە بوو لەگەڵ هەر یەك لە: حاجی سمکۆ، حاجی رەفیق، کەریم خدر، نافیز جەلال، ئەمیر ئاغا، زرار ناوێك بەیەکەوە رووبەڕووی حەرەس قەومییەکان دەبنەوە و تێیدا سێ چوار سەربازی حەرەس قەومی دەکوژرێن، بەم هۆیەشەوە حەرەس قەومییەکان دەشکێن و پاشەکشە دەکەن (کوێخا مەمەند، دەستنووس، 2022، 123). بێگومان ئەو هێرش و پەلاماردانە بۆ سەر شاری کۆیە و دەوروبەری کاردانەوەیەکی خراپی لەسەر بارودۆخی ئابووری شارەکە بە هەموو پێکهاتەکان هەبوو، هەروەها بووە هۆی بڵاوبوونەوەی برسییەتی و قاتوقڕی، بەتایبەتی دوای گەمارۆدانی شارەکە و کزبوونی ئیش و کار و بەند کردن و کوشتنی ژمارەیەکی زۆر لە هێزی کارکەر، لە لایەکی دیکەشەوە پەیوەندی کردنی ژمارەیەکی دیکە بە شۆڕشی ئەیلولەوە، دواجار دیاردەی دزی و بەرتیل و وەرگرتنی بەدوادا هات.

بە خوێندنەوە بۆ رووداوەکانی ئەوسا، کە حەرەس قەومی بەرانبەر بە مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە ئەنجامیاندا، دەردەکەوێت کە حەرەس قەومی جگە لە توندوتیژی و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن هیچ کارێکی دیکەیان نەبووە، لەم نێوەشدا بەلایانەوە گرنگ نەبووە، کە خەڵك دەکوژرێ، یا ئەشکەنجە دەدرێت، گرنگ بڵاوکردنەوەی وێنایەکی ترسناك بووە لە لای هاووڵاتییانی مەدەنی، ئەمەش لە پێناو چەسپاندن و جێگیرکردنی دەسەڵاتی خۆیان بوو، ئەگەرچی ئەمە درێژەی نەکێشا و لە 18ی تشرینی دووەمی هەمان ساڵ کوودەتایەکی دیکە لە عێراق کرا.

## ئەنجام

1. باشی پەیوەندی نێوان مووسڵمان و مەسیحییەکان لە کۆیە، کە زادەی شارستانییەتی شاری کۆیەیە، بووەتە هۆکارێك بۆ ئەوەی مووسڵمان و مەسیحییەکان لە هەموو خۆشی و ناخۆشی و رووداوەکانی ئەم شارە بەشدار بن.

2. لە کاتی هاتنی حەرەس قەومییەکان بۆ کۆیە، مەسیحییەکانی کۆیە و هەرمۆتە پاڵپشتی پێشمەرگە و شۆڕشی ئەیلولیان کردووە و لەم نێوەدا قوربانییان داوە و ژمارەیەکیان لێ فیشەک باران کراوە و ژمارەکیشیان دەستگیر کراوە.
3. بە هۆی هاتنی حەرەس قەومییەکان بۆ شاری کۆیە، بەشێك لە دانیشتووانی گوندی هەرمۆتە ئاوارە و پەراگەندەی گوندەکانی دەوروبەر بوونە، بەو هۆیەوە لە رووی ماددیەوە زەرەر و زیانێکی زۆریان بەرکەوتووە.
4. مەسیحییەکانی هەرمۆتە لە لایەن حەرەس قەومییەکان تووشی هێرش و تاڵان و ویرانکاری بوونەوە و گوندەکەیان سووتێنراوە، مەڕ و ماڵات و ئاژەڵ و هەرچی کەلوپەلی بە نرخی خەلکەکە بووە لەگەڵ خۆیان بردوویانە.
5. بە هۆی سووتاندنی زەوی و زاری گوندی هەرمۆتە زەرەریان بەر ژێرخانی ئابووری هەرمۆتە کەوت، کە تا ماوەیەك سووتانی زەوییەکان کاریگەری لەسەر کەم بوونەوەی بەرهەم و بەروبومی ناوچەکە بە گشتی هەبوو.

## لیستی سەرچاوەکان

**یەکەم: نامەی زانکۆیی:**

سالح، شیلان تاهیر، (2008): کۆیە لە نێوان ساڵان 1958- 1975 (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، ماستەرنامەیەکی بلاونەکراوەیە و پێشکەشی کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە کراوە.

مام خول، رەفیق رەحمان، (2022): رۆڵی حیزبی شیوعی عێراق لە شۆڕشی ئەیلوول ١٩٦٣- ١٩٧٠ (توێژینەوەیەک لە مێژووی سیاسی)، تێزێکی دکتۆرای بلاونەکراوەیە و پێشکەشی ئەنجوومەنی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر کراوە.

**دووەم: کتێبەکان:**

**أ- کتێبە کوردییەکان:**

ئەحمەد، زامدار، (2021): سێوە و دڵدار لە چەند دیدارێکدا، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

تەیب، جەمال فەتحوڵلا، (2008): کۆیە 1918- 1958 (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە)، چاپی دووەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

حەویزی، تاهیر ئەحمەد، (1982): مێژووی کۆیە، بەرگی دووەم، مطبعة نمیر، بەغدا.

دزەیی، موحسین، (2009): وێستگەکانی ژیانم، وەرگێڕانی: ئیسماعیل بەرزنجی، بەشی دووەم، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

دلزار، ئەحمەد، (2019): بیرەوەریی رۆژانی ژیانم، وەزارەتی رۆشنبیریی و لاوان، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

رەسووڵ، فاتیح، (2003): لە کاروانێکی دوور و درێژدا، سلیمانی.

سلێمان سوور، عەبدولمەسیح، (2021): تێکۆشانی شیوعییەکانی کۆیە، چاپخانەی ئازادی.

شارەزا و حەویزی و خۆشناو و ئاسنگەر، کەریم و نازم و عوسمان مستەفا و مەجید، (2009): کۆیە لە رەوتی شارستانیەتدا، بەرێوەبەرایەتی گشتی و رۆژنامەنووسی و چاپ و بلاوکردنەوە، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.

صلیوە، هاوژین، (2013): مێژووی هەرمۆتە، چاپخانەی زانا، سلێمانی.

کاکە، حەسەن، (2013): هەورازەکانی کاروانی تەمەنم، دارشتنەوەی فازیل شەورۆ، بلاوکراوەی سەنتەری لێکۆڵینەوە و پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

نەبەز، جەمال (2007)، کوردستان و شۆڕشەکەی، وەرگێڕانی: کوردۆ، چ3، هەولێر، چاپخانەی منارە.

**ب- کتێبە عەرەبییەکان:**

جواد، سعد ناجي، (1990)، العراق والمسألة الكردية 1958-1970، لندن.

دزەیی، محسین، (2002): احداث عاصرتها، دار اراس للطبعة، اربیل.

سیف الدین، الدوری، (2009): علی صالح السعدی (نائب رئیس وزراء ووزیر الداخلیة وسلطة البعث الاولی فی العراق 1963)، الدار العربیة للموسوعات، بیروت، لبنان.

**سێیەم: دەستنووسەکان:**

تەیب، جەمال فەتحوڵلا، (2022): پەیوەندی نێوان مووسولمانان و مەسیحییەکان لە شاری کۆیە (1918-1958) توێژینەوەیەکی مێژوویی و کۆمەڵایەتییە، دەستنووس، بلاونەکراوە.

کۆێخا مەمەند، کاوە، (2022): کۆێخا مەمەندی کۆیە (جوامێری، چاکەخوازی، بەخشندەیی و ئاشتەوایی 1920- 1995)، دەستنووس، بلاونەکراوە.

**چوارەم: گۆڤارە زانستی و ئەکادیمییەکان:**

تەیب و شێخ بزێنی، جەمال فەتحوڵلا و قارەمان نادر، (2014): مەسیحییەکانی کۆیە (1958-1991) توێژینەوەیەکی مێژوویی سیاسییە، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە 33.

**پێنجەم: گۆڤار و رۆژنامە:**

بطروس، ریاض عزیز، (2012): ئاورێك لە هەرمۆتەی دوێنێ، گۆڤاری شارەوان، ژمارە 1.

تەیب، جەمال فەتحوڵلا (دکتۆر)، (2012): پێکەوە ژیانی ئایینەکان لە کۆیە (مووسلمان و دیان و جوولەکە)، گۆڤاری شارەوان، ژمارە 1.

تەیب، جەمال فەتحوڵلا، (2015): هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی 1963دا (توێژینەوەیەکی مێژووییە)، بەشی یەکەم، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە 37.

تەیب، جەمال فەتحوڵلا، (2015): هێرشی حەرەس قەومی بۆ شاری کۆیە و دەوروبەری لە ساڵی 1963دا (توێژینەوەیەکی مێژووییە)، بەشی دووەم، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە 38.

شێخانی، عەبدولکەریم، (2015): تاوانەکانی تەها شەکرچی لە 7ی حوزەیرانی 1963 لە شاری کۆیە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە 37.

عەبدولمەجید، ئاراس عەبدولخالق (مافپەروەر)، (2010): کوودەتایە شوومەکەی بەعس و ئاسمانی شاری کۆیە، گۆڤاری کەکۆن، ژمارە 6.

صلیوە، هاوژین، (2013): سێ بابەت لە بارەی گوندی هەرمۆتەوە، گۆڤاری کەکۆن، گۆڤارێکی رۆشنبیری گشتی ئازادە لە کۆیە دەردەچێت، ژمارە 26.

**شەشەم: چاوپێکەوتنەکان:**

عیسا، جەمیل، چاوپێکەوتن، 2022/11/9، هەولێر. ساڵی 1950 لە گوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە، دانیشتووی هەولێرە.

کەریم، هورمز عیسا، چاوپێکەوتن، 2022/11/10، کۆیە. ساڵی 1957 لە گوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، تا پۆلی ناوەندی خوێندووە. دانیشتووی هەرمۆتەیە.

رەسووڵ، ئیبراهیم ئەحمەد، چاوپێکەوتن، 2022/11/11، کۆیە. ساڵی 1939 لە گوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، مامۆستای خانەنشینە. دانیشتووی هەرمۆتەیە.

پەترۆس، کەریم ئیدریس، چاوپێکەوتن، 2022/11/13، کۆیە. ساڵی 1945 لە گوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، مامۆستای خانەنشینە. دانیشتووی هەرمۆتەیە.

یووسف، سلێوە حەنا، چاوپێکەوتن، 2022/11/19، کۆیە. ساڵی 1948 لە گوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، مامۆستای خانەنشینە. دانیشتووی هەرمۆتەیە.

سلێمان، مەرقۆز عەزیز، چاوپێکەوتن، 2022/11/19، کۆیە. ساڵی 1940 لە گوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، مامۆستای خانەنشینە. دانیشتووی هەرمۆتەیە.

پەترۆس، بەفرین عەزیز، چاوپێکەوتن، 2022/11/12، کۆیە. ساڵی 1954 لە گوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە. دانیشتووی هەرمۆتەیە.

مەحموود، حەسەن، چاوپێکەوتن، 2022/11/12، کۆیە. ساڵی 1950 لە گوندی هەرمۆتە لەدایکبووە، نەخوێندەوار. دانیشتووی هەرمۆتەیە.